## شەوی شاعیر

به دەنگێکی خۆش لە بەر دەرکەوە
بانگی کرد: ئازیز دەرکەم لێ وەکە
گوتم نامۆیە ئەو دەنگە خۆشە
گوتی پڕشنگم، نازم بۆ مەکە

به هەڵەداوان دەرکەم لێ وەکرد
دیتم هەر وەک بووک خۆی لە گوڵ داوە
دەتکوت مەلایک چاویان ڕشتووە
یان گوڵ خونچەیە و خەرمانەی داوە

بە پەنجەی نەرمی پەردەکەی لادا
بە ناز و نیم ناز هاتە ژوورەوە
وەک تامەزرۆیەک مەقنەی فڕێ دا
قژی خستە دەر هەر لە دوورەوە

پرسیم چۆن هاتی بەم درەنگانە
گوتی من شەمی شەوی تۆم ئەمشەو
لە نێو شادەشتی شیعرەکانتدا
کانی و مامز و کەوی تۆم ئەمشەو

بە تاڤگەی نیگا لەرزاندی دڵم
گوتی شاعیر کوا چرای شەوخەوت؟
بۆ سفرەت ئەمشەو ڕانەخستووە؟
کوانێ شەڕاب و پەیمانەی شەوت؟

گوتم ئەی ئاسکی سڵی خۆش ڕەوتم
هەڵبەستەکانم چرای شەوخەوە
جام و سوراحی و مینام بۆ چییە؟
فرمێسکەکانم شەڕابی شەوە

زەردێکی هات و کوتی کە وایە
بۆم پڕ کە جامێ بەو سەر پەنجانەت
وا چاکە ئەمشەو بێخود بم لە خۆم
بە سیحری ئاسۆی ئەو چاوە جوانەت

جا هەستە شیعر و دەفتەر وەکۆ کە
ئەمشەو من دەبمە شیعری دیوانت
لەرەی مەمکانم بۆت دەگرن چۆپی
تا گزنگی رۆژ دەبمە میوانت

ئەو شەوە نوستم لە باوەشیدا
هەر وەکوو دڕکێ لە پەنای گوڵێ
بەیانی کاتێ لە خەو ڕاپەڕیم
دیتم رۆیشتووە بێوەی پێم بڵێ

ئەی خودا ئەوە خەو بوو یا خەیاڵ
کە ئەو بەهارەی لێ کردمە پاییز
یان بە هوشیاری چاوم پێی کەوت
بلووری سنگی پڕشنگی ئازیز...

درێژەی هەیە...